# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**1962.08.23**

حوکمرانانی دەمشق دوای دانانی قانۆنێکی قەڵب سەرژمارێکی زۆر سەیر لە ناوچەی جەزیرە بەرێوەدەبەن و بەرهەمەکەی دەبێتە ئەوە کە 120000 کورد بە خەڵکی بێگانە نێودەبردرێن و ناسنامەی سوریەیان لێ دەستێندرێتەوە !
بۆئەوەی دەوڵەتی سوریە فشاری کوردەکان لەسەر خۆی کەم کاتەوە , پرۆژەیەک دادەرژێ بۆ پێکهینانی کەمەربەندێکی

عەرەبی ! بەوجۆرە کە تەواوی کوردەکانی کە لە سنوری تورکیە دەژیان راگوێزی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بە درێژایی 280 و پانایی 15 کیلۆمتر. جێگای ئەوانیش بە خەڵکی عەرەب پربکاتەوە !